سەماحەتی حەکیم لەگەڵ باڵیۆزی تورکیا پەیوەندی دوو قۆڵی و کێشەی ئاو تاوتوێ دەکات

بەڕێز حەکیم سەرکی هاوپەیمانەتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە بەڕێز ئینیل بۆرا ئینان باڵیۆزی تورکیا لە عێراق کرد، لەم دیدارە باس لە چۆندین بابەت کرا لەوانە پەیوەندی دوو قۆڵی هەردوو وڵات و چۆنیەتی پێشخستنی بە پشت بەستن بە خاڵە هاوبەشەکان و پتەوکردنی ڕێڕەوەکانی هاریکاری.
سەماحەتی حەکیم جارێکی دیکە دووپاتی کردەوە کە گرنگە بۆدی هێنانی سەقامگیری لە ناوچەکە ئەوەشی بە بەرپرسیارێتی هەموو لایەنەکان لەقەڵەمدا بەتایبەتی ولاتە گەورەو کاریگەرەکان، هەروەها بەرپرسیارێتی بەشداریکردن لە چەسپاندنی ئەوەی لە بەرژەوەندی گەلەکانی ناوچەکە و ڕێگاخۆشکردن بۆیان تا بتوانن خێر وبەرەکان و سامانەکانیان وەبەربهێنن، .

سەماحەتی حەکیم داوای لە تورکیا کرد کە بەشی ئاو بە عێراق زیاد بکات لەبەر ڕۆشنایی قەیرانی ئاو کە کاریگەری لەسەر بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان هەیە، پشتیوانی بە ئەو پرۆژانە دووپاتکردەوە کە یارمەتیدەرن بە بەڕێوەبردنی باشتری ئاو و گرنگی سوود وەرگرتن لە شارەزایی کەمپانیا تورکییەکان لەم بوارەدا..

لەکۆتاییدا سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر هاریکاریکردن لە بواری وزە و سەرخستنی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان لەگەڵ گەرەنتی کردنی ئاسایشی پێویست بە سەرکەوتنی ئەو پرۆژانە، هەروەها ئاماژەی کرد کە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، هەنگاوێکە بە پتەوکردنی سەقامگیری و گواستنەوە بە قۆناغێکی تازە کە سەقامگیری تێدا هەمیشەیی بێت.